# "ریپۆرتکردن" وەک ئامرازێک بۆ کپکردنی رای جیاواز لەبارەی دینی ئیسلامەوە

## ( پەیج و ئەکاوتنە ریپۆرتکراوەکانی "فەیسبوک" بە نمونە)

هێرش ڕەسول موراد زانکۆی پۆلی تەکنیکی سلێمانی- ت.پەیوەندییە گشتییەکان و بازارگەڕی

ئاراز رەمەزان أحمد زانکۆی ڕاپەرین- ب.بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن+ زانکۆی تیشکی نێودەوڵەتی-بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسیەت

هەردەوان محمود کاکە شێخ زانکۆی صلاح الدین- بەشی ڕاگەیاندن

**پوختە:**

ئامرازە نوێکانی راگەیاندن (New Media) بە گشتی فەزایەکی کراوەن بۆ گەیاندنی دەنگ بەجیهانی دەرەوە، هەروەها زەمینەیەکی لەبارن بۆ برەودان و گەشەپێدان بە گفتوگۆو راگۆڕینەوە، بە تایبەت راگەیاندنی کۆمەڵایەتی (Social Media)، لە نێو ئەوانیشدا "فەیسبوک" (Facebook)، کە سەکۆیەکی بێبەرامبەری بۆ هەمو دەنگ و رەنگە جیاوازەکان فەراهەمکردوە.

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکە بۆ خستنەڕوی ئەو میکانیزمە نەشیاوانەی کە بەرامبەر بە کپکردنی رای جیاواز دەگیرێتەبەر، بە تایبەتیش خراپ کەڵکوەرگرتن لەو سیاسەتانەی کە کارگێڕیی "فەیسبوک" فەراهەمیکردوە بۆ ریپۆرتکردن لەسەر پۆست و ئەکاونت و پەیجەکان.

توێژینەوەکە، لە سێ بەش پێکدێت، بەشی یەکەم تایبەتە بە ڕێبازنامەی توێژینەوەکە، بەشی دوەمی توێژینەوەکەش تیۆرینامەی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت، کە لە چەند تەوەرێک پێکدێت، تیایدا تیشک دەخرێتە سەر سۆشیاڵ میدیا و رێسای ریپۆرتکردن و رای جیاواز و رەخنەکردنی گوتاری دینی (رەخنەسازیی دینی). تەوەرێکی دیکەی ئەم


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

توێژینەوەیەش تایبەتە بە باسکردنی رۆڵی "فەیسبوک" لە پەرەپێدانی رای جیاواز و فراوانکردنی روبەری ئازادیی باوەڕ (ئایین).

بەشی سێیەمی توژینەوەکەش، لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکە و شیرکردنەوەی راوسەرنجی مشتەیەک لە خاوەن پەیج و ئەکاونتەکان لەخۆدەگرێت، لەهەمبەر ئەو هەوڵی ریپۆرتکردنیان لەبەرامبەر پەیج و ئەکاونتەکانیان ئەنجامدراوە و لە کۆتایشدا دەرەنجام و راسپاردە و پێشنیازەکان دەخرێنەڕوو.

**کلیلە وشە: ریپۆرتکردن، میدیای کۆمەڵایەتی، فەیسبووک، سانسۆری ئاینیی**

## Reporting as a tool of censoring different views about Islam Religion

## (Facebook Pages and accounts reported as a case)


# Abstract

These days, media new tools made an open public sphere to send messages to abroad easily, and those tools are good mediums for developing and growing debating and exchanging different ideas such as social media, particularly Facebook which is a free medium for everyone with their different backgrounds.

This study is an attempt to discover actions by users who try to implementing religious censorship on different ideas and views, which they use Facebook standards and Terms for reporting pages, accounts and posts on Facebook.

This study consists of three parts, the first part is methodology of the research, the second part is theoretical framework of the research which focus on explaining social media, reporting terms and conditions on social media, different views and criticizing of religion. In this part the role of Facebook in expanding different view and freedom of beliefs and religion views will be explained.

The last part of this study will focus on analyzing ideas and views of page and account owners who been reported because of criticizes religion as a sample of the study which they been interviewed. In conclusion the results and recommendations of the study will be enlightened.


**Keywords: Reporting, Social Media, Facebook, Religious Censorship**

## پێشەکی:

ئامرازە نوێکانی راگەیاندن (New Media) بە گشتی فەزایەکی کراوەن بۆ گەیاندنی دەنگ بە جیهانی دەرەوە، هەروەها زەمینەیەکی لەبارن بۆ برەودان و گەشەپێدان بە گفتوگۆ و راگۆڕینەوە، بە تایبەت راگەیاندنی کۆمەڵایەتی (Social Media)، لە نێو ئەوانیشدا "فەیسبوک" (Facebook)، کە سەکۆیەکی بێبەرامبەری بۆ هەمو دەنگ و رەنگە جیاوازەکان فەراهەمکردوە.

ئامانج لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە زانینی رادەی رەخساندنی زەمینەی لەباری مەعریفی، بۆ رەخنەسازیی ئاینی و راجیایی دەربارەی ئیسلام و، فراوانکردنی پانتایی ئازادیی باوەڕ لەلایەن بەکارهێنەرانی سۆشیاڵ میدیا بە زمانی کوردی، بە تایبەت "فەیسبوک"، هەرەوەها ئاشکراکردنی ئاستی ریپۆرتکردنی پەیج و ئەکاونتەکانی "فەیسبوک" وەک ئامرازێک بۆ کپکردنی رای جیاواز سەبارەت بە دینی ئیسلام. لەم سۆنگەیەوە توێژەران هەستان بەچاوپێکەوتن لەگەڵ چەند ئەدمینێکی پەیجەکانی "فەیسبوک" هەروەها خاوەنی چەند ئەکاونتێک لە "فەیسبوک" لەسەر بنەمای ژمارەی لایک و فۆڵۆوەر، تاوەکو لەڕێگەی دیدو تێڕوانینی ئەوانەوە بتوانین بگەین بە ئامانجەکانی توێژینەوەکەمان هەروەها خستنەڕووی ڕادەی ساردبونەوەی بەڕێوەبەرانی پەیج و ئەکاونتەکانی "فەیسبوک" لە پەخش و گەیاندنی بیر و دیدی جیاواز دەربارەی دینی ئیسلام بە هۆی هێرشی ریپۆرتکردنەوە.

توێژینەوەکە، لە سێ بەش پێکدێت، بەشی یەکەم تایبەتە بە رێبازنامەی توێژینەوەکە، بەشی دووەمی توێژینەوەکەش تیۆرینامەی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت، کە لە چەند تەوەرێک پێکدێت، تیایدا تیشک دەخرێتە سەر سۆشیاڵ میدیا و رێسای ریپۆرتکردن و رای جیاواز و رەخنەکردنی گوتاری دینی (رەخنەسازیی دینی). تەوەرێکی دیکەی ئەم توێژینەوەیەش تایبەتە بە باسکردنی رۆڵی "فەیسبوک" لە پەرەپێدانی رای جیاواز و فراوانکردنی روبەری ئازادیی باوەڕ (ئایین).

بەشی سێیەمی توژینەوەکەش، لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکە و شیرکردنەوەی راوسەرنجی مشتەیەک لە خاوەن پەیج و ئەکاونتەکان لەخۆدەگرێت، لەهەمبەر ئەو هەوڵی ریپۆرتکردنیان لەبەرامبەر پەیج و ئەکاونتەکانیان ئەنجامدراوە و لە کۆتایشدا دەرەنجام و راسپاردە و پێشنیازەکان دەخرێنەڕوو.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## باسی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

### ١. هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئامرازە نوێکانی ڕاگەیاندن (New Media) لە سەردەمی ئەمڕۆدا، ڕوبەرێکی فراوانی لە نێو جەماوەردا داگیرکردوەو، بونەتە سەکۆیەکی دیار بۆ پەخش و بڵاوکردنەوەی پەیامە جیاوازەکان، لە کات و شوێنی جیاواز، بە زمانی جیاواز، بە کەمترین ماوە، و لەوانەش گرنگتر بۆ بێشومار لە وەرگران.

لە نێو ئەو ئامرازانەش لە هەرێمی کوردستاندا، ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی (Social Media) بوەتە خاوەنی زۆرترین بەکارهێنەر لە نێو چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵدا، بە تایبەت "فەیسبوک" (Facebook)، کەوا پەیج و ئەکاونتی زۆری لە بوارە جیاوازەکاندا لێ دروستکراون.

هۆکاری سەرەکیی هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش لێتوێژینەوە، دەگەڕێتەوە بۆ بونی ژمارەیەکی بەرچاو لەو پەیج و ئەکاونتانەی کە بە زمانی کوردی کار لەسەر بواری ڕەخنەی گوتاری دینی، ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی ویژدان، ڕاجیایی سەبارەت بە دین، کرانەوەی ئەقڵ و ڕۆشنگەری دەکەن، پاشان ڕوبەڕوی "ڕیپۆرتکردن" بونەتەوە، هەروا تاکو ئێستا توێژینەوەی زانستییان لەسەر ئەنجامنەدراوە.

### ٢. سود و بایەخی توێژینەوەکە:

توێژەران، پێیانوایە، دەکرێ سود و بایەخی ئەم توێژینەوەیە لە چەند ڕەهەندێکەوە ببینرێت:

أ. ڕەهەندی کۆمەڵ: ئەنجامدانی وەها توێژینەوەیەک، بە جۆرێک لە جۆرەکان کارکردنە بە ئاراستەی کرانەوەی کۆمەڵ، بەرەوپێشبردنی بزاڤی ڕۆشنگەری، فراوانکردنی پانتایی ئازادیی ڕادەربڕین و ویژدان و، ڕوبەڕوبونەوەی پرۆژەکانی داخستنی ئەقڵ و دواخستنی کۆمەڵ.

ب. ڕەهەندی زانستی: ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی بە ڕێباز و دنیابینیی نوێ و سەبارەت بە حاڵەت و دیارە نوێکانی نێو کۆمەڵ، خۆی سود و بایەخی تایبەتی بۆ بواری تیۆری و ئەکادیمیا هەیە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

ج. ڕەهەندی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری: ئەم توێژینەوەیە هەوڵێک دەبێت بە ئاراستەی کارکردنی وردتری پەیج و ئەکاونتانەی "فەیسبوک"، کەوا بە ئامانجی فراوانکردنی ڕووبەری ئازادیی ویژدان و ڕەخساندنی زەمینەی خستنەڕوی دیدی جیاواز دەربارەی دینی ئیسلام کاردەکەن.

## ٣. کێشەی توێژینەوەکە:

بۆ ڕونکردنەوەی کێشەی توێژینەوەکە، دەکرێ چەند پرسیارێک بخرێنەڕو، لەوانە:

أ. تا چ ئەندازەیەک، سۆشیاڵ میدیا بە زمانی کوردی، بە تایبەت "فەیسبوک" بوەتە دەلاقەیەکی مەعریفی بۆ ڕەخنەسازیی ئاینی و ڕاجیایی دەربارەی ئیسلام و، فراوانکردنی پانتایی ئازادیی باوەڕ؟

ب. تاچەند ڕیپۆرتکردنی پەیج و ئەکاونتەکانی "فەیسبوک" کراوەتە ئامرازێک بۆ کپکردنی ڕای جیاواز سەبارەت بە دینی ئیسلام؟

ج. ئایا هێرشی ڕیپۆرتکردن، بەڕێوەبەرانی پەیج و ئەکاونتەکانی "فەیسبوک"ی لە پەخش و گەیاندنی بیر و دیدی جیاواز دەربارەی دینی ئیسلام ساردکردۆتەوە؟

## ٤. ئامانجی توێژینەوەکە:

ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی، ئامانجی زانستی و بابەتی لەپشتەوەیە، ئەم توێژینەوەیەش ئامانجی زانستیی خۆی هەیە، و لە دیارترین ئامانجەکانیش:

أ. زانینی ڕادەی ڕەخساندنی زەمینەی لەباری مەعریفی، بۆ ڕەخنەسازیی ئاینی و ڕاجیایی دەربارەی ئیسلام و، فراوانکردنی پانتایی ئازادیی باوەڕ لەلایەن سۆشیاڵ میدیا بە زمانی کوردی، بە تایبەت "فەیسبوک"ـەوە.

ب. ئاشکراکردنی ئاستی ڕیپۆرتکردنی پەیج و ئەکاونتەکانی "فەیسبوک" وەک ئامرازێک بۆ کپکردنی ڕای جیاواز سەبارەت بە دینی ئیسلام.

ج. دەرخستنی ئەندازەی ساردبونەوەی بەڕێوەبەرانی پەیج و ئەکاونتەکانی "فەیسبوک" لە پەخش و گەیاندنی بیر و دیدی جیاواز دەربارەی دینی ئیسلام بە هۆی هێرشی ڕیپۆرتکردن-ەوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## ٥. جۆر و ڕێکاری توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی (وەسفی)یە و، بۆ تاوتوێکردنی لایەنە مەیدانییەکەشی، ڕێکاری گفتوگۆنامە (فۆرمی پرسیاری چاوپێکەوتن) بەکارهێنراوە.

## ٦. کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە راگەیاندنی کۆمەڵایەتی "فەیسبوک" بە زمانی کوردی. مشتەکەیشی بەڕێوەبەرانی ئەو پەیج و ئەکاونتانە کەوا کار لەسەر بڵاوکردنەوەی بیروڕای جیاواز دەربارەی ئاینی ئیسلام دەکەن و، ڕوبەڕوی هێرشی ریپۆرتکردن بونەتەوە.

## ٧. سنوری توێژینەوەکە:

سنوری توێژینەوەکە بەسەر دو بواری جیاوازدا دابەشبوە، کە ئەمانەن:

أ. بواری مرۆیی: توێژەران هەوڵیانداوە لە ڕێگەی گفتوگۆنامە (فۆرمی پرسیارەکانی چاوپێکەوتن)ـەوە چەندین پرسیار ئاراستەی (11) بەڕێوەبەری ئەو پەیج و ئەکاونتانە کرا، کەوا کار لەسەر بڵاوکردنەوەی بیروڕای جیاواز دەربارەی ئاینی ئیسلام دەکەن و، ڕوبەڕوی هێرشی ریپۆرتکردن بونەتەوە و، بیکەنە مشتەی توێژینەوەکە و وەڵامی وردیان سەبارەت بە پرسیارەکان دەستبکەوێت.

ب. بواری بابەت: "فەیسبوک" بە زمانی کوردی دەگرێتەوە بە پێکهاتەی ناوەڕۆکییانەوە، کە ئەو پەیج و ئەکاونتانە وەک نمونەیەک وەرگیراون، کەوا کار لەسەر بڵاوکردنەوەی بیروڕای جیاواز دەربارەی ئاینی ئیسلام دەکەن و، ڕوبەڕوی هێرشی ریپۆرتکردن بونەتەوە.

## ٨. دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان:



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

أ. ریپۆرتکردن (Reporting): ئاماژەیە بۆ داخستنی پەیج و ئەکاونت لە راگەیاندنی کۆمەڵایەتیی "فەیسبوک"دا، لە ڕێگەی راپۆرت لێدان و تۆمارکردنی سکاڵای ئۆنلاین لای کۆمپانیای "فەیسبوک" و، تۆمەتبارکردنی پەیج یان ئەکاونتەکە بە تاوانێکی دژە مرۆیی یان دژبەیەک بێ لەگەڵ یەکێک لە بنەما ڕێساییەکانی راگەیاندنی کۆمەڵایەتیی فەیسبوک.

ب. ئامراز: هەرهۆکارێک کە ببێتە مایەی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، یان هێنانەکایەی دۆخێکی خوازراو لەو ڕێگەیەوە.

ج. کپکردن: واتە بێدەنگ و خامۆشکردن، یان کۆنترۆڵکردن و کوژاندنەوەی پرس و بابەت و دیاردەیەک لە بنەڕەتەوە.

د. رای جیاواز: دید و تێڕوانین و گۆشەنیگای جیاواز لەوەی باو و بەرچاوە و بانگەشەی بۆ دەکرێت.

هـ "فەیسبوک": یەکێکە لە ئامرازە بڵاو دیارو فراوانەکانی راگەیاندنی کۆمەڵایەتی، کە لە (فێبریوەری 2004) لەلایەن (مارک زوکەبێرگ)ـەوە کە خوێندکاری بەشی دەروونناسی بوە لە زانکۆی هارڤارد لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دروستکراوە.

## باسی دوەم: تیۆرینامەی توێژینەوەکە

### سۆشیال میدیا:

بەشێکی زۆر لە ئەکادیمیستان هەوڵیانداوە پێناسەی گونجاو بۆ سۆشیال میدیا یان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکەن، لەگەڵ ئەوەی کە سۆشیال میدیا دیاردەیەکی تازەیە و کاریگەری بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیی و سیاسییەوە هەیە.

هەروەک (Boyd and Ellison (2007) بەو شێوەیە پێناسەی سۆشیال میدیا دەکەن، کە خزمەتگوزارییەکی پەیوەستکراوە بە ئینتەرنێت و ڕێگە بە تاکەکان دەدات ئەکاونتی تایبەتی و گشتی یان نیمچەگشتی دروست بکەن و لەگەڵ تاکەکانی تر پەیوەندی دروست بکەن و ئاڵوگۆڕی پەیوەندیی و زانیاریی بکەن لەگەڵ تاکەکانی تر.

واتە بەشێوەیەکی گشتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەشێوەی پێگەی ئەلیکترۆنیدا لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت خزمەتگوزارییەکانی وەکو پەیوەندیکردن و ئاڵوگۆڕی داتاو زانیاریی و وێنەو ڤیدیۆیان تێدا بەردەستە لەنێوان بەکارهێنەرانی ناو تۆڕەکاندا. وەکچۆن فەرهەنگی کامبریدج بەم شێوەیە پێناسەی سۆشیال میدیا دەکات کە "کۆمەڵێک پێگەی ئەلیکترۆنیین، یان پرۆگرامی کۆمپیوتەریین، کە ڕێگە بە خەڵک دەدات بۆ پەیوەندیکردن و


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

ئاڵوگۆڕی زانیاری لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر، یان مۆبایلەوە". (2018، Cambridge)

**فەیسبوک:**

فەیسبوک بە یەکەمین تۆڕی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، کە لەساڵی (2004)دا لەلایەن خوێندکارێکی زانکۆی هارڤارد بەناوی (مارک زوکەبێرگ)ەوە دروستکرا. بەپێی زانیارییەکانی پێگەی ئەلیکترۆنی (statista.com, 2018) فەیسبوک تا مانگی ئۆکتۆبەری (2018) زیاتر لە (2) ملیار بەکارهێنەری چالاکی مانگانەی هەیەو بە بەرفراوانترین تۆڕی کۆمەڵایەتی دانراوە، کە تائێستا ئەو ڕێژە زۆرە بەکارهێنەری هەبێت.

هەر دەربارەی فەیسبوک (Sarah Phillips ،2007) لە ڕاپۆرتێکی وێب سایتی ڕۆژنامەی گاردیانی بریتانی ڕونیدەکاتەوە، کە سەرەتا لەلایەن زوکەبێرگ لە مانگی فێبریوەری (2004) فەیسبوک وەکو تۆڕی بەیەکەوە بەستنەوەی خوێندکاران لە زانکۆی هارڤار لە ئەمەریکا خرایەگەڕ، لە ماوەی (24) کاتژمێردا زیاتر لە (1200) خوێندکار پرۆفایلی دروستکردو دواتریش لە ماوەی مانگێکدا نیوەی خوێندکارانی بەکالۆریۆس لە هارڤارد ئەکاونتی فەیسبوکیان دروستکردو بون بە بەکارهێنەر. باس لەوەشدەکات، بەهۆی گەشە بەردەوامەکانی فەیسبوک و خۆڕاییبونی بەکارهێنانی وایکرد، کە لە سەرتاسەری جیهان دوای چەند ساڵێک ببێت بە دیارترین تۆڕی کۆمەڵایەتی، کە زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنەری هەیە.

**ئازادیی ویژدان (باوەڕ )**

ئازادیی بیروباوەڕ چەمکێکی نوێیەو گفتوگۆی زۆر دەربارە کراوە، (Madan, T.N., 2003) پێیوایە، کە چەمکی ئازادیی باوەڕ یان ئایینی چەمکێکی مۆدێرنە و تەمەنی لە سێ سەدە زیاتر نابێت و، لە بنەڕەتدا چەمێکی ڕۆژئاواییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەستە بە مافەکانی مرۆڤ لەهەر کوێیەک بێ، ئەوەش پەیوەستە بە هەمو ئاینەکانەوە، بۆیە لە دوای ساڵانێکی زۆر و ریفۆرمە مرۆییەکان و گۆڕانکاری لە سیستەمە حوکمڕانییەکان، کار لەسەر چەسپاندنی ئازادیی ئاینیی کراوە و لەئێستادا لە بەشێک لە وڵاتان مرۆڤەکان ئازادیی ئاینیی و باوەڕیان هەیەو لە بەشێکی وڵاتانی دنیاش ئەو مافە زەوتکراوەو لە هەندێ وڵاتیش یاساغکراوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

ئازادیی باوەڕ یاخود ئاین، ئارگیومێنتی زۆری دەربارە کراوە و، بەپێی سروشتی سیستمە کۆمەڵایەتیی و سیستەمە سیاسییەکان و بنەما یاساییەکان سنوری ئازادییەکان بۆ تاکەکان لە کۆمەڵەکان دیاریکراوە، بۆیە زۆرجار دەربڕیینی بیروڕا جیاوازە ئاینییەکان، یان باوەڕە جیاوازەکان دەبێتەهۆی دروستبونی ناسەلامەتی و، زۆرجاریش سزادانی ئەو تاکانەی باوەڕە جیاوازەکانیان دەردەبڕن، یان رەخنە لە باوەڕێکی باوی کۆمەڵ دەگرن، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی یاسا و دەستورە نێودەوڵەتییەکان کۆکن لەسەر ئازادیی باوەڕ و ئازادیی ئاینی، لەو روانگەیەوە (ڤینۆس فایەق، 2012) لە وتارێکیدا رونیدەکاتەوە، ئەگەر بە دەستوری ئەو وڵاتانەدا بچینەوە کە لەسەر بنەمای دین و شەریعەت وەکو بنەمایەک بۆ یاسادانان دروستبون، لە دەستورەکانیاندا ئازادیی بیروباوەڕی دینیان بەجیا لە ئازادیی رادەربڕین کردوە، وەکو لە دەستوری وڵاتی سعودیەدا هیچ ئاماژەیەک بۆ هیچ جۆرە ئازادییەک نییە، دەستوری میسری لە ماددەی (٤٧)ی باس لە ئازادیی بیروڕا دەکات، بەڵام پێش ئەوە لە ماددەی (٤٦)یدا باسی لە ئازادیی بیروباوەڕی دینی کردوە. لە دەستوری عیراقدا لە ماددەی (١٠)یدا باسی ئازادیی بیروباوەڕی دینی دەکات و، لە بڕگەی دوەمی ماددەی (٣٥)یدا باس لەوە دەکات، کە دەوڵەت زەمانەتی پاراستنی تاک دەکات لە هەمو جۆرەکانی زۆرەملێی فکری و سیاسی و دینی. بەڵام لە وڵاتانی وەکو رۆمانیا و بەلجیکا و کەنەدا و ئیسپانیا هەردو ئازادیی بیروڕاو هەڵگرتنی بیروباوەڕی دینی بە یەک بڕگە باسکراون.

هەروا لە هەمو ئەم دەستورانە جوانتر دەستوری ئیتاڵیایە کە یەک ماددەی هەیە، ئەویش ماددەی (٢١)ە، باس لە ئازادیی بیروڕا دەکات و لە ماددەکانی (٢ و ٣ و ٧ و ٨ و ١٩ و ٢٠)یدا جەخت لەسەر پرەنسیپی بەعەلمانیکردنی دەوڵەت دەکاتەوە، چونکە تەواو لەوە تێگەیشتون، کە تەنها لە قودرەتی دەوڵەتی عەلمانیدایە، کە زەمانەتی هەمو جۆرە ئازادییەکان بکات، بە ئازادیی دینیشەوە.

ئەوەش روندەکاتەوە، کە هەمو پرۆتۆکۆڵ و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان کۆدەنگیان لەسەر جەختکردنەوە لەسەر زامنکردنی ئازادیی بیروڕاو پاراستنی بە یاسا هەیە، لەوانە: جاڕنامەی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ، کە ماددەی (١٨)ی باس لە ئازادیی بیروباوەڕی دینی دەکات و ماددەی (١٩)ی باس لە ئازادیی رادەربڕین دەکات. هەمان شتیش لە رێکەوتننامەی ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی ئەنجومەنی ئەوروپی کە ساڵی (١٩٥٠) دەرچوە لە ماددەی (٩)یدا باس لە ئازادیی بیروباوەڕی دینی دەکات و ماددەی (١٠)ی باسی ئازادیی بیروڕا دەکات. هەروەها میساقی ئەفەریقی مافەکانی مرۆڤیش کە ساڵی (١٩٨١) لەلایەن سەرۆکە ئەفەریقییەکانەوە واژۆکراوە بە دو ماددەی جیا، ماددەی (٨)ی باس لە ئازادیی بیروباوەڕی دینی و ماددەی (٩)ی باس لە ئازادیی بیروڕا دەکات. جگەلەمانەش میساقی عەرەبی مافەکانی مرۆڤ ساڵی (٢٠٠٠) ماددەی (٣٠)دا باسی ئازادیی بیروباوەڕی دینی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

دەكات و ماددەی (٣٢) باسی ئازادیی ڕادەربڕین دەكات. بەڵام هیچ ماددەیەک نابینیتەوە داوا لەخەڵک بکات ڕێزیان هەبێت بۆ پیرۆزییە دینیەکان، چونکە ئەوە شتێکە پەیوەندی بە خودی مرۆڤەکانەوە هەیە .

## ڕێسای فەیسبوک لە ڕیپۆرتکردن:

بەپێی ڕێساکانی فەیسبوک لە بەشی هاوکاری، ڕیپۆرتکردن وەکو بژاردەیەک بۆ بەکارهێنەران خراوەتەگەڕ و بەکارهێنەران دەتوانن ڕیپۆرتی پەیج و ئەکاونت و گروپەکان، یان پۆست و بڵاوکراوەکانیان، بکەن لەناو تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوک کە ئارەزوی بینینیان ناکەن یان بەجۆرێک لەجۆرەکان لەگەڵ حەزو ئارەزو و بیروباوەڕیان نەگونجاون، یاخود ئەو بابەتانەی بەکارهێنەران پێیانوایە، لەگەڵ بەها کۆمەڵایەتییەکانیان ناگونجێت دەتوانن ڕیپۆرتیان بکەن.

لەناو تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک هەڵبژاردەی ڕیپۆرتکردن لەگەڵ هەمو ئەکاونت و پەیج و گروپ و پۆستێک دانراوەو بەردەستە، هەروەک فۆڕمی ڕیپۆرتکردنیش هەیەو لەلای دەستەڕاستی ئەکاونتەکە لەئێستادا هەڵبژاردەی (Give feedback or Report this account) پێدانی فیدباک یان ڕیپۆرتکردنی ئەکاونتەکە، دوای کلیککردن چەند هەڵبژاردەیەکت دەداتێ و لەدوای هەڵبژاردنی یەکێک لەهەڵبژاردنەکان دەتوانرێت ڕیپۆرتی ئەکاونتەکە بکرێت. (facebook.com, 2018)

## ڕای جیاواز و ڕەخنەکردنی گوتاری دینی (ڕەخنەسازیی دینی)

ڕەخنەو ڕەخنەسازی لە گوتاری ئایینی لەسەردەمی ئێستای جیهانگیریدا، فۆڕم و شێوازی گۆڕاوە، بەڵام مەودای ئازادی و ڕای جیاواز هەرچەندە لەناو سیستەمە دیموکراسییەکان تاڕادەیەکی باش گەشەی پێدراوەو بەیاساو ڕێسا پشتیوانی لێدەکرێت، بەڵام هاوکات لە کۆمەڵە داخراو و تازە پێگەیشتوەکان یان باشتر بڵێین کۆمەڵە دواکەوتوەکاندا مەودای ئازادییە گشتییەکان سنوردارکراوەو ڕەخنەو ڕەخنەسازییش لە گوتاری ئایینی بە تاوان هەژماردەکرێ و سزای لەسەرە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

(Clarke, B., 2007) لە توێژینەوەیەکدا رونیدەکاتەوە، کە لە کۆمەڵە دیموکراسییەکانی خۆرئاوادا، بابەتی رەخنەو رەخنەسازیی ئایینی بە بەشێک لە بنەماکانی ئازادیی رادەربڕین هەژمارکراوە، کە ئەوەش مەبەست لێی ئازادیی پراکتیزەکردنی ئایین و باوەڕ نییە، بەڵکو مەبەست لێی بەشێکە لە ئازادیی رادەربڕین و رەخنەسازیی.

وەکچۆن ئایین لەهەندێ کۆمەڵ رۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە سیستەمی ئاسایش و گەشەکردنی وڵاتدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رەخنە لە گوتاری ئایینی رێگەپێدراوە، هەروەک لە سەدەکانی (18 و 19) بیرمەندە ئەوروپییەکان بیروباوەڕە باوەکان تەحەدا کران و ئازادیی بیرو سێکیولاریزم گەشەیان پێدرا و، هەنگاوی جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت کاری لەسەر کراو زۆرداریی ئاینیی کۆتایی پێهێنراو ئازادیی رادەربڕین و ئایین و ئەو هەنگاوانە بونە بەردی بناغەی حکومەتی دیموکراتی. لێرەوە بیرمەندو نوسەران ئازادبون لەوەی رەخنە لە هەمو نوسراو و گوتارو بیروڕا ئاینییەکان و باوەڕەکان بگرن. هەرچەندە لە دوای سەدەی هەژدەو نۆزدەش و تائێستا لە بەشێک لە وڵاتان رەخنەگرتن لە ئایین و باوەڕ رێگەپێدراو نییە، بەهۆی ئەوەی ئایین بەشێکە لە ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی ئەو وڵاتانە، هەربۆیە لەو وڵاتانەدا لە رێگەی یاسا و دەستورەکانەوە ئازادیی رادەربڕین سنوردارکراوە بۆ پاراستنی ئایدۆلۆژیای ئایینی، ئەوەش بە بیانوی ئاسایشی نەتەوەیی و لایەنی ئەخلاقییەوە.

ئەو توێژەرە رونیشیدەکاتەوە، کە کۆمەڵە ئیسلامییەکان وەکو یەکێک لە ئاینەکان زۆرترین کاردانەوەو توندوتیژیان بەرامبەر رەخنەگرتن هەیە لە ئایینەکەیان، بۆ پشتڕاستکردنەوەش، نمونەی کوشتنی دەرهێنەری فیلمی (Submission – Part 1 ) کە فیلمێکی رەخنەییە دەربارەی مافی ژن لە ئیسلامدا و لەلایەن ( Theo Van Gogh) دەرهێنراوە، بەڵام لە دوای بڵاوکردنەوەی لە ساڵی (2004)دا دەرهێنەرەکەی لەبەردەم خەڵک کوژراو نوسراوێکیش بە خەنجەری کوشتنەکەی لە سنگی چەقێنرا.

مێژوی ئیسلام و چۆنێتیی موسڵمانبونی دورگەی عەرەبی بەپێی یاساکانی (ئەهلی کیتاب، کافرەکان، هەڵگەڕاوەکان)، ئەوە دەسەلمێنن کە ئیسلام ئازادیی رادەربڕینی قبوڵ نیە و، دو گروپ لەو گروپانەی سەرەوە دەکوژێت و تەنها گروپی (ئەهلی کیتاب) بە زیندویی دەهێڵێتەوە، هێشتنەوەی ئەو گروپەش بە زەلیلی و لە دۆخێکی دژواردا دەبێت، کە بە یاساگەلێکی نامرۆڤانە و بەهۆی ئاینداریيانەوە پارەیان لێدەستێنرێت و لە یەکسانی و مافی هاوڵاتیبون بێبەشدەکرێن (هێرش: ٢٠٠٩).

لە سەدەی (21)دا خەڵکێکی زۆر لە کەلتوری جیاواز، ئایین و نەتەوەی جیاواز، بەیەکەوەو لە کۆمەڵە فرەکەلتورەکاندا دەژین، کە ئەوەش بەرهەمی جیهانگیرییەو ئەو ژینگەیەش وایکردوە خەڵک ناچاربێت رێز لە باوەڕو ئایینی ئەوانی تر بگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئیسلامە توندڕەوەکان، یان گروپە توندڕەوەکانی تر بونەتە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

حاڵەتی نائاسایشی جددی لە چەندین وڵات، تەنانەت لە وڵاتە خۆرئاواییە دیموکراتەکانیش، هەروەکو ئیسلام سنوردارکردنی ئازادیی رادەربڕینە، بە تایبەتیش ئازادیی رەخنەگرتنی ئایینی.

## رۆڵی "فەیسبوک" لە پەرەپێدانی رای جیاواز و فراوانکردنی روبەری ئازادیی باوەڕ (ئایین)

لەسەردەمی ئێستای پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و، گەشەکردنی جیهانگیریی و سیستەمە دیموکراسییەکان لە جیهاندا، هاوکات سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە دنیادا، بە تایبەتیش فەیسبوک کە لە ئێستادا بە ملیۆنان بەکارهێنەری هەیە، کاریگەریی زۆری لەسەر ئازادیی بیروڕاو ئازادییە گشتییەکان داناوە، بە تایبەتیش لەو وڵاتانەی کە ئازادیی رادەربڕین و رەخنەگرتن لە سیستمە سیاسیی و ئایینییەکان رێگەپێدراونین، مەوداو پانتایی ئازادییە گشتییەکان دەبرێنە ناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە.

لەو روانگەیەوە، (Steppe, R., 2014) رونیدەکاتەوە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ژیانی رۆژانەی خەڵک هەیە، وەکچۆن لە راپەڕین و خۆپیشاندانەکانی بەهاری عەرەبی خەڵکی دژی وەستانەوەی ئەو حکومەتانەی چەوساندیانەوە سودیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەرگرت، هەروەک ئازادیی بیروڕا دەربڕین بە یەکێک لە گرنگترین بابەتەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دادەنرێت، بۆیە بابەتەکانی پەیوەست بە ئازادیی بیروڕا و سانسۆر هەمیشە جێگەی تێرامان و چاودێریکردنن.

ئەو توێژەرە، ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات، کە فەیسبوک وەکو بەربڵاوترین تۆڕی کۆمەڵایەتیی پانتایی ئاڵوگۆڕی زانیاریی و وێنە و پەیوەندیکردن و چەندین خزمەتگوزاریی تری خستۆتەگەڕ، هەرچەندە لە رێساکانیدا فەیسبوک بەشی (ناسنامەی بەکارهێنەر)ی داناوە، کە پێوست دەکات بەکارهێنەران بۆ دروستکردنی ئەکاونتەکانیان زانیارییە دروستەکانی خۆیان پێشکەش بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین رێگەی تر هەیە بۆئەوەی ئەکاونتی (ساختە) دروست بکرێت، بە تایبەتیش لەو وڵاتانەدا کە ئازادیی رادەربڕین سەبارەت بە سیاسەت و ئایین یاساغکراون و، بەکارهێنەران بۆ سەلامەتییان ناوی خوازراو بەکاردەهێنن.

هەر لەو روانگەیەوە، (Jackson, B.F., 2014) رونیدەکاتەوە، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان خزمەتێکی زۆری گوتاری ئازادیی رادەربڕینیان کردوە، و روبەڕوی چەندین سانسۆڕی ناوخۆیی و دەرەکی بونەتەوە دەربارەی ناوەڕۆکی پەیامەکان لە کاتی بڵاوکردنەوەیاندا، بە تایبەتیش لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوکدا. باسی ئەوەشدەکات، کە بەپێی کۆمەڵەکان و پانتایی ئازادیی و یاساو دەستوری وڵاتان، پانتایی ئازادیی رادەربڕینیش گۆڕانکاری


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

بەسەردادێت، بەڵام بە شێوەیەکی ئەرێنی فەیسبوک توانیویەتی زۆر دیواری سانسۆر دروستکرا و لەلایەن یاسا و نەریت و حکومەت و ئایینەکانەوە ببڕێت.

لێرەدا، دەردەکەوێت کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەتیش فەیسبوک، پانتایی زۆری ئازادییان تێدا فەراهەمکراوە، بە تایبەتیش ئازادیی بیروڕاو ڕەخنەگرتن لە سیستمە سیاسیی و ئایینیەکان، لەگەڵ ئەوەشدا رای جیاواز هەیەو (Morozov, E., 2013) پێیوایە، کە لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا سەلامەتی کەمە، ئەوەش وایکردوە، بەهۆی ئەوەی حکومەت و دەوڵەتەکان توانستی سانسۆر و چاودێریکردنیان زۆرترە لەبەکارهێنەران، بۆیە سەلامەتیی بەکارهێنەران زۆرجار دەکەوێتە ژێر هەڕەشە، بۆ ئەوەش چەندین چالاکوانی سیاسیی و مەدەنی لەو وڵاتانەی ئازادی تێیاندا فەراهەم نییە، بونەتە قوربانی و ڕوبەڕوی زیندانیکردن و کوشتن بونەتەوە

## باسی سێیەم: لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکە

### یەکەم: ڕێکارەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەکە:

دوای ئامادەکردنی گفتوگۆنامە (فۆرمی پرسیارەکانی چاوپێکەوتن) بۆ لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکە، توێژەران بەمەبەستی وردی و دروستی، پرسیارەکانی چاوپێکەوتنیان بەسەر مامۆستایانی پسپۆرو شارەزادا[*] دابەشکرد، لە ڕێگەی سەرنج و تێبینییەکانییانەوە پرسیارەکانی چاوپێکەوتنیان هەڵسەنگاند، ئەویش بە لابردن و چاککردن و زیادکردن و پوختکردنەوەی پرسیارەکان، بەپێی تێڕوانینی ئەوان بەباشیانزانی پرسیارەکانی چاوپێکەوتنی توێژینەوەکە بکرێت بە (13)پرسیار.

### دووەم: خستنەڕوی ئەنجامی گفتوگۆکان و شیکردنەوەیان:

لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، پاش ئەوەی توێژەران مشتەی توێژینەوەکەیان دەستنیشانکرد لە دەستەبژێرێک کە پێکهاتبو لە ئەدمینی (4) پەیجی "فەیسبوک"[**] و هەروەها (7) ئەکاونتی تایبەت[***] لەسەر

[*] ناوی شارەزا و پسپۆرانی هەڵسەنگاندنی گفتوگۆنامەی توێژینەوەکە:

1. پ.ی.د. مغدید خدر أحمد/ ڕاگەیاندن/ کۆلێجی ئاداب / زانکۆی سەلاحەدین.
2. پ.ی.د. هێمن مەجید حەسەن/ ڕاگەیاندن/ کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی.
3. پ.ی.د.حکیم عوسمان حەمید/ تەکنیکی میدیا/ کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕی/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

[**]چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەدمینی هەرسێ پەیجەکانی (یاسای بیابان، حوکمی عەقڵ، کەسایەتی محەمەد، پلاتفۆرمی دابڕان)، ئەنجامدراوە، هەرچەند بەهۆی ڕیپۆرتکردنەوە چەندجارێک ئەم پەیجانە داخراون بەهەمیشەیی و هەندێکیان دووبارە دروستکراونەتەوە.

[***]لەکاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ خاوەن ئەکاونتەکان و لەسەر داوای خۆیان ئاماژە بەناونیشانی ئەکاونتەکان نادرێت، لای توێژەران پارێزراون.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

بنەمای زۆرترین ژمارەی لایک و فۆلۆوەر، پاشان ئەنجامی گفتوگۆکەیان لە وەڵامی بەرتویژانەوە بەمجۆرە خستەڕو:

1. سەبارەت بە دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارانەی پاڵنەرن بۆ پەیج و ئەکاونتەکان کە سەرنج و تێڕوانینەکانیان سەبارەت بە ئاینی ئیسلام بخەنەڕو، زۆرینەی بەرتوێژەکان پێیانوایە، هۆکار زۆرن، بەڵام لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە، کە ئاینی ئیسلام خۆی دەخاتە نێو هەموو جومگەکانی ژیانی مرۆڤەوە، بۆیە دەبێت سنورێک بۆ ئەو دەستوەردانە لە ژیانی تاک دابنرێت. هەروا بڕوایان وایە، هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵ و تێکۆشان بۆ هۆشیارکردنەوەیان، ئەرکێکی ئێتیکیی مرۆڤە خوێندەوارەکانە، بە تایبەت بۆ شەنوکەوکردنی ئەو پرسیارانەی کە لە کۆمەڵە داخراو و مەزهەبییەکاندا پرسیاری تابۆن، قسە لەسەرکردنیان لە فەزای گشتییدا ڕێپێدراونییە.
2. سەبارەت بە میکانیزمی خستنەڕوی راو سەرنجەکانیان، بەرتوێژان پێیان وایە هەردوو شێواز گرنگی خۆی هەیە، پۆست و نوسین میکانیزمیکی گونجاوە بۆ مانەوەی بیروڕاکان لە ئەرشیفداو هەروەها بۆ سودمەندبونی ئەو بەشداربوانەی "فەیسبوک" کە بەشێوەی فری "فەیسبوک" بەکاردەبەن(*). بەشێک لەبەرتوێژانیش پێیان وایە لایڤ لە پەیج و ئەکاونتەکانیان سەرکەوتوترە چونکە گەیاندنی پەیام لەڕێی لایڤ و راستەوخۆوە پەیوەندی و کاریگەری زیاتر لەسەر وەرگر دروست دەکات دەشکرێت ببێتە سەکۆیەکی گفتوگۆ بۆ ئامادەبوانی لایڤەکە.
3. سەبارەت بە روبەڕوبونەوەی هێرشی ریپۆرتکردن بۆ داخستنی پەیج و ئەکاونتەکان، سەرجەم مشتەی توێژینەوەکە زیاتر لەجارێک روبەڕوی ئەم هێرشانە بونەتەوەو، پێیانوایە، ئەم هێرشانە لەلایەن کەسە ئیسلام ئایدیاکان ئەنجامدراوە، چونکە ئەوان کەمترین راوسەرنجی جیاواز قبوڵ دەکەن، بەڵگەش بۆ ئەوەی کە ئیسلام ئایدیاکان لەپشت هێرشی ریپۆرترکردنەکانەوەن، ئەوەیە لەپاش داخرانی هەرپەیج و ئەکاونێک لە گروپ و پەیج و ئەکاونتی ئیسلام ئایدیاکان بە دەستکەوت و سەرکەوتن هێرشی ریپۆرتکردنەکانیان بڵاودەکەنەوەو جگە لەوەش گروپی تایبەت بە ریپۆرکردنیان هەیە و لەناوگروپەکەدا ڤیدیۆ و وێنەی فێرکاریشیان بۆ هەوادارەکانیان داناوە، تاوەکو لە هەڵمەتی ریپۆرتکردنەکە زۆرترین بەشداربویان هەبێت.

(*) مەبەست لە فەیسبوکی فری، خزمەتگوزارییەکە بۆ بەکارهێنانی فەیسبوک بێئەوەی بەشداربو هێڵی ئینتەرنێتی هەبێت، لەڕێی سیمکارتی مۆبایلەکەیەوە بێبەرامبەر دەتوانێت سەرجەم پۆستەکانی فەیسبوک ببینێت، بەڵام وێنە و ڤیدیۆ و لایڤ لە خزمەتگوزارییەدا نیشان نادات.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

4. هێرشبەرانی ریپۆرتکردن سود لە چەند تەکنیکێکی جیاواز وەردەگرن، وەک: دروستکردنی ئەکاونت بەهەمان ناوی ئەکاونتی ئەوکەسەی کە دەیانەوێ ریپۆرتی بکەن پاشان نامەیەک بۆ کارگێڕیی "فەیسبوک" دەنێرن، کە گوایە ئەم ئەکاونتە کەسایەتیی ئەوی بەکارهێناوە، سەرئەنجام کارگێڕیی "فەیسبوک" ئەکاونتەکە دادەخات، یان خۆی دەکاتە هاوڕێت و دەتکاتە ئەدمینی پەیجێکی سێکسی دواتر خۆی لە پەیجەکە دەچێتە دەرەوە، نامەیەک بۆ کارگێڕیی "فەیسبوک" دەنێرن، کە گوایە ئەم ئەکاونتە پەیجێکی سێکسی بەڕێوەدەبات، سەرئەنجام کارگێڕیی "فەیسبوک" ئەکاونتەکە دادەخات، بۆ داخستنی پەیجەکانیش هەوادارەکانی خۆیان رادەسپێرن، کە لە یەک کاتدا ریپۆرتی پۆستەکانی ناو ئەو پەیجە بکەن، کە مەبەستیانە. لەوکاتەش کە ژمارەی ریپۆرتەکان زۆردەبێت و لەبەرئەوەی کارگێڕیی "فەیسبوک"یش شارەزاییان لە زمانی کوردی نییە و نازانن ناوەرۆکی پۆستە ریپۆرتکراوەکان چییە، لەسەر بنەمای زۆری ژمارەی ریپۆرتەکان کارگێڕیی "فەیسبوک" پەیجەکە دادەخات(*).

5. سەبارەت بەوەی کە ئایا خاوەن پەیج و ئەکاونتەکانی نەیارانی ئاینی ئیسلامیش بەهەمانشێواز هێرشی ریپۆرتکردن بۆ سەر ئەکاونت و پەیجی کەسانی ئایدیا ئیسلامی ئەنجام دەدەن، بەرتوێژان بۆچونیان وایە، ئەم میکانیزمە زۆر بە کەمی پشتی پێدەبەسترێت، زۆرتر لەوکاتەنەدا پەنا بۆ ئەم میکانیزمە دەبرێت کاتێک پەیج و ئەکاونتە ئیسلام ئایدیاکان زانیاری و وێنەی کەسیی، یاخود وێنەی کەسانی نزیک لە خانەوەدای مرۆڤە بیرئازادەکان بڵاودەکەنەوەو تەشهیرو ناوزڕاندنیان پێدەکرێت، لەمکاتەدا پەنا بۆ ئەم میکانیزمە دەبرێت تاوەکو کەسێتییان پارێزراوبێت.

6. دەربارەی ئەوەی، ئایا "ریپۆرتکردن" لەلایەن ئیسلام ئایدیاکانەوە کراوەتە چەکێک بۆ کپکردنی رای جیاواز سەبارەت بە دینی ئیسلام، هەرچەند لەمبارەیەوە داتایەکی وردو تەواو لەبەردەست نییە، بەڵام بەپێی رای بەرتوێژان و بە میتۆدی سەرنجدان زیاتر لە (300) پەیج و ئەکاونتی کارا داخراون و لەکارکەوتون، کە هەریەک لەو ئەکاونتانە ژمارەیەکی بەرچاو لایک و فۆڵۆوەرییان هەبووە، تەنانەت هەندێکجار ئەم هێرشانە بەشێک لەو ئەکاونتانەش دەگرێتەوە کەخاوەنەکانیان کەسانی ئیسلام ئایدیان تەنها لەبەر ئەوەی بەتێگەیشتنێکی جیاوازترو خوێندنەوەیەکیتر ڕاوسەرنجیان لەبارەی ئاینی ئیسلام دەخەنەڕوو ئەمانیش بەهەمانشێوە ڕووبەڕووی ئەوجۆرە هێرشانە دەبنەوە. سەرەنجام داخستنی ئەو پەیج و ئەکاونتانە هۆکارن بۆ ئەوەی راوسەرنج و دەنگە جیاوازەکان وەک پێویست نەگەنە لای جەماوەر، ئەمەش ئەوەمان نیشان دەدات کە ئەم تەکنیکە کراوەتە چەکێکی بەهێز بۆ لێدان و کپکردنی رای جیاواز سەبارەت بە دینی ئیسلام.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

7. سەبارەت بە پرسیاری، ئەو پۆست و لایڤانەی لەسەر دینی ئیسلام کە لە پەیج و ئەکاونتەکانتان بڵاوکراونەتەوە، ڕەخنە و بیروڕا بون، یان ئەو سنورەیان تێپەڕاندوە و بونەتە تەشهیر و سوکایەتیکردن بە دینەکە و پەیڕەوکارانی؟ سەرجەم بەرتوێژانی توێژینەوەکە کۆکبون لەسەرئەوەی لە بنەڕەتدا ئامانج لە پۆست و لایڤەکان سوکایەتیکردن نییە، بەڵام بە تێڕوانینی ئیسلام ئایدیاکان هەر بابەتێک کە بە فۆرمی بیرکردنەوەی ئەوان دەرنەبڕێت دەچێتە خانەی سوکایەتی پێکردن و تەشهیرەوە، تەنانەت زۆرجار پۆست و ڤیدیۆ تەنزئامێزەکان بەگاڵتەجاڕی و سوکایەتی تێدەگەن.

8. سەبارەت بە سۆشیاڵ میدیا بە زمانی کوردی، بە تایبەت "فەیسبوک" بەرتوێژان وایدەبینن، لە ئێستادا بوەتە دەلاقەیەکی مەعریفی بۆ فراوانکردنی پانتایی ئازادیی ویژدان و باوەڕ، چونکە بەپێی فیدباکی پرسیارەکانی ئەو بەشداربوانەی کە ڕۆژانەو هەفتانە ئاراستەیان دەکرێت، پێیانوایە، پەیج و ئەکاونتەکانی "فەیسبوک" توانیویەتی زۆرێک لە تابۆکان هەڵگرێت و بەربەستەکان ببڕێت و پرسیارگەلێک بوروژێنێت، کە ببێتە مایەی فراوانکردنی پانتیایی مەعریفیی مرۆڤەکان لە هەمبەر ئایینەکانەوە بە گشتی و، ئاینی ئیسلام بە تایبەتی.

9. سەبارەت بە پرسیاری، ئایا گرتنەبەری میکانیزمی "ریپۆرتکردن"ی پەیج و ئەکاونتەکان بونەتە هۆکارێک بۆ ساردبونەوە لە پەخش و گەیاندنی بیر و دیدی جیاواز دەربارەی دینی ئیسلام؟ بەشێک لە بەرتوێژان پێیانوایە، بەڵێ، کاریگەریی خۆی هەبوەو لە ئەنجامی داخستنی ئەکاونت و پەیجەکان زۆرێک لە خاوەن ئەکاونت و پەیجەکان بێزاربون لە دۆخەکەو چیتر بەردەوام نەبون لەخستنەڕوی سەرنجەکانیان، بەڵام بەشێکی تریان ڕایانوایە، ئەم هەڵمەتانە ساردیان ناکەنەوە و هەر بەردەوام دەبن.

10. سەبارەت بە پێشوازی و بەدەنگەوەهاتنی فان و هەوادارەکان لە کاتی ڕوبەڕوبونەوەی هەڵمەتی "ریپۆرتکردن" کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت، چونکە ئەوان لە هەڵمەتی ریپۆرتکردنەکە کار لەسەر سودوەرگرتن لە سیاسەتی کارگێڕیی "فەیسبوک" دەکەن، بەم پێیەش فانەکان ناتوانن ڕۆڵێکی ئەوتۆ بگێڕن، تەنها لەکاتی دوبارە دروستکردنەوەی ئەکاونت، یان پەیجی نوێ هاوکارو یاریدەدەربن لە بڵاوکردنەوەی.

[*] بۆ ئەم مەبەستەش توێژەران نامەیەکی فەرمیان ئاراستەی کارگێڕی فەیسبووک کرد، لەبارەی ئەوەی ئایا هیچ کوردزمانێک لە کارگێڕی فەیسبووک ناوەرۆکی پۆستە ڕیپۆرتکراوەکان دەخوێنرێتەوە بەر لەوەی دیلیت بکرێت، بەڵام کارگێڕی فەیسبووک وەڵامی نامەکەی توێژەرانیان نەدایەوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## دەرەنجامەکان:

1. سۆشیاڵ میدیا بە زمانی کوردی بە شێوەیەکی گشتی، بە تایبەت "فەیسبوک" بووەتە دەلاقەیەکی مەعریفی بۆ ڕەخنەسازیی ئاینی و ڕاجیایی دەربارەی ئیسلام و، فراوانکردنی پانتایی ئازادیی باوەڕ.

2. ڕیپۆرتکردن وەک ئامرازێکی کاریگەر کەڵکی لێوەرگیراوە بۆ کپکردنی هەموو دەنگ و بیروڕایەکی جیاواز، کە بیەوێت پرسیاری جددی لەبارەی دینی ئیسلامەوە بهەژێنن.

٣. هێرشی ڕیپۆرتکردن، بەشێک لە بەڕێوەبەرانی پەیج و ئەکاونتەکانی "فەیسبوک"ی لە پەخش و گەیاندنی بیر و دیدی جیاواز دەربارەی دینی ئیسلام بێزارکردون و ساردی کردونەتەوە لە کارەکەیان، هاوکات بەشێک لەو بەڕێوەبەرانەی سورتر کردون لە کارەکەیان و سەرباری ئاستەنگەکان هەر بەردەوامن.

٤. بەشێوەکی گشتی ئەو پەیج و ئەکاونتانەی کە بیروبۆچونی جیاواز سەبارەت بە دینی ئیسلام دەخەنەڕو، بەردەوام لەژێر مەترسی و هەڕەشەی ڕیپۆرتکردندان.

٥. تێنەگەیشتنی بەڕێوەبەرایەتی "فەیسبوک" لە زمانی کوردی و ناوەرۆکی پۆستەکان، ئەمە بووەتە هۆکارێک کە ئیسلام ئایدیاکان سوود لە پۆڵسی "فەیسبوک" وەربگرن لە پرۆسەی ڕیپۆرتکردنی پەیج و ئەکاونتەکان.

## ڕاسپاردەکان:

1. بەڕێوەبەرانی ئەو پەیج و ئەکاونتانەی کار لەسەر بیروڕای جیاواز سەبارەت بە دینی ئیسلام دەکەن، زیاتر لە ڕوی تەکنیکییەوە زۆیان شارەزا بکەن، تاکو پەیج و ئەکاونتەکانیان لە هێرشی ڕیپۆرتکردن بپارێزن.

2. دەکرێ داوا لە کۆمپانیای "فەیسبوک" بکرێ، کە ستافی تایبەت و شارەزا لە زمانی(کوردی) دابنێت، بۆ تێگەیشتن لەو پۆستانەی بەو زمانە دەنووسرێن، تاکو لەسەر سکاڵای ناڕاست لەسەر ئەو ئەو پۆستانە دوچاری ڕیپۆرتکردنی ناڕەوا نەبنەوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## پێشنیازەکان:

1. دەکرێ توێژەری تر بۆ ئایندە، توێژینەوەی دیکە لەسەر ئامرازەکانی تری راگەیاندن و کاریگەرییان لەسەر فراوانکردنی پانتایی بیروڕای جیاواز سەبارەت بە ئاین و ئازادیی باوەڕ، ئەنجام بدەن.
2. دەکرێ توێژەری دیکە بۆ ئایندە، لەسەر هەمان بابەت و کێشە توێژینەوەی تر ئەنجام بدەن، بەڵام بە ڕێبازی تری زانستی.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## لیستی سەرچاوەکان:

1. BOYD, d.m. and ELLISON, N.B (2007). "Social Network Sites: Definition, History, and Scholarship". Journal of Computer-Mediated Communication. 13 (1), 210-230.

2. statista.com, 2018. Number of monthly active Facebook users worldwide as of 2nd quarter 2018 (in millions). {online} last updated (21 Oct. 2018) available from: https://www.statista.com/statistics/264810/number-of-monthly-active-facebook-users-worldwide/

3. dictionary.cambridge.(2018)social media. {online} available from: https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/social-media (23 october 2018)

4. Sarah Phillips. (2007) A brief history of Facebook {online} available from: https://www.theguardian.com/technology/2007/jul/25/media.newmedia . (25 July 2007).

5. Madan, T.N., 2003. Freedom of religion. Economic and Political Weekly, pp.1034-1041.

6. gulan-media. (2012) ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی بیروباوەڕی دینی. {online} available from http://www.gulan-media.com/sorani/articles.php?eid=73&id=1042. (26 october 2012)

7. facebook.com (2018) Report Something {online} available from: https://www.facebook.com/help/263149623790594 (23 october 2018).

8. Morozov, E., 2013. The real privacy problem. Technology Review, 116(6), pp.32-43.

9. Clarke, B., 2007. Freedom of speech and criticism of religion: What are the limits. eLaw J., 14, p.94.

10. Steppe, R., 2014. The freedom of speech on social networking services-Do we need protection against our own expressions?. Jura Falconis, 2013(3), pp.559-589.

11. Jackson, B.F., 2014. Censorship and Freedom of Expression in the Age of Facebook. NML Rev., 44, p.121.

12.هێرش ڕەسوڵ: ئازادیی ڕادەربڕین لە ڕۆژنامەنوسیی کوردیدا، (سلێمانی: چاودێر، ٢٠٠٩)، ل٨٥.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

# پاشکۆ

پرسیارەکانی چاوپێکەوتن

ڕێزوسڵاو

ئەم فۆرمەی بەردەست بەڕێزت چەند پرسیارێک بە مەبەستی چاوپێکەوتن لەخۆدەگرێت، کە تایبەتە بەئامادەکردنی توێژینەوەیەکی زانستی، بە ناونیشانی (**ڕیپۆرتکردن وەک ئامرازێک بۆ کپکردنی رای جیاواز لەبارەی ئاینی ئیسلامەوە، پەیج و ئەکاونتە ریپۆرتکراوەکانی فەیسبوک بەنمونە**)، سەرنجەکانی بەڕێزتان وەک خاوەن ئەکاونت یاخود پەیجی فەیسبوک، هاوکارو یارمەتیدەرێکی باشدەبێت بۆ باشترکردنی توێژینەوەکەمان، بەخشینی کاتی خۆت بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان جێگای ستایش و پێزانینە.

توێژەران

پرسیارەکانی چاوپێکەوتن:

1-ئەو هۆکارانە چین کە وایلێکردویت سەرنج و تێڕوانینەکانت سەبارەت بە ئاینی ئیسلام بخەیتەڕو ؟

2-سەرنج و روانینەکانی بەڕێزتان زۆرتر لەڕێگەی پۆستەوەیە یاخود لایڤ؟

3-چەند جار ئەکاونت یاخود پەیجە تایبەتەکانت روبەڕوی هێرشی ریپۆرت بونەتەوە؟

4-بۆچی پێت وایە ئەوانەی لەپشت ریپۆرتکردنی ئەکاونت و پەیجەکانی بەڕێزتن، هەڵگری ئایدیای ئیسلامن؟

5-پێتوایە ئەم هێرشی ریپۆرتکردنە زۆرتر لەلایەن کەسانی موسڵمان و ئایدیا ئیسلامییەکانەوە بەرامبەر بەدەنگ و راجیاوازەکانەوە ئەنجام دەدرێت؟ بەڵگەت چییە؟

6-ئایا ئەوانەی لەپشت ریپۆرتکردنی ئەکاونت و پەیجەکانتەوەن، سود لە چ تەکنیکێک وەردەگرن و بە چ شێوازێک ئەوکارە ئەنجام دەدەن؟

7-بەبڕوای تۆ نەیارانی ئاینی ئیسلامیش بەهەمانشێواز هێرشی ریپۆرتکردن بۆ سەر ئەکاونت و پەیجی کەسانی ئایدیا ئیسلامی ئەنجام دەدەن؟ بەڵگەت چییە؟

8-تاچەند پێتوایە "ریپۆرتکردن" لەلایەن ئیسلامییەکانەوە کراوەتە چەکێک بۆ کپکردنی رای جیاواز سەبارەت بە دینی ئیسلام؟

9-ئایا ئەو پۆستانەی لەو پەیج و ئەکاونتە ریپۆرتکراوانە لەسەر دینی ئیسلام بڵاوکراونەتەوە، رەخنە و بیروڕا بون، یان ئەو سنورەیان تێپەڕاندوە و بونەتە تەشهیر و سوکایەتیکردن بە دینەکە و پەیڕەوکارانی؟ چۆن؟ بەڵگەت چییە؟

10-تاچەند بڕوات وایە سۆشیاڵ میدیا بە زمانی کوردی، بە تایبەت "فەیسبوک" بوبێتە دەلاقەیەکی مەعریفی بۆ فراوانکردنی پانتایی ئازادیی ویژدان و باوەڕ؟


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

11-تاچەند "ریپۆرتکردن"ی پەیج و ئەکاونتەکەت لە پەخش و گەیاندنی بیر و دیدی جیاواز دەربارەی دینی ئیسلام ساردی کردویەتەوە؟ واتە کاریگەرییەکەی تا چ ئەندازەیەک بوە؟

12-پێشوازی و بەدەنگەوەهاتنی فان و هەوادارەکانتان لە کاتی روبەڕوبونەوەی هەڵمەتی "ریپۆرتکردن"، یان دواتر دوبارە دەرکەوتن و دەستپێکردنەوە چی و چۆن بون؟ نمونە بهێنەرەوە.

13-تکایە هەر بابەتێکیتر کە بەڕێزت بە پێویست و گرنگی دەزانی بیخەیتەڕو کە لەوەڵامی پرسیارەکانی پێشتردا ئاماژە پێ نەکردوە لێرە ئاماژەی پێبدەیت.

سوپاس بۆ بەخشینی کاتت بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی چاوپێکەوتنەکە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper22 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019